ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز لە مێـژووی شاری سلێمـانی داو دەوری پیرەمێرد لەم جەژنە نەتەوایەتی‌یەدا

نووسینی: مصطفی صالح کریم

ئەوکـاتەی زستان گاڵی خۆی دەپێچێتەوەو دەیەوێ ماڵ ئاوایی لە سروشت بکات، کە دەبینێ بەفری چیاکان دەبنە چۆراوگـەو بە بریسك و هۆڕ بەوێنەی شیری بریقەدار بەناو دۆڵ و شیوا سەربەرەوخوار سڵاو لەدەشت و هەردو لە کانـیو سەرچـاوەدەکـەن، نێرگس دەم بۆ دەسـت و پەنجەی منداڵانی کوردستان دەکاتەوە... ئالەم دەمەدا گەلی کورد لەتەك پێشوازی بەهاردا بەعەشقەوە دەست لەملی (نەورۆز) دەکات. ئەو نەورۆزەی «ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە، کە لاوانمان «بەعەشقەوە ئەچوون بەبەرەو پیری‌مەرگەوە»!

لەدوا ئێوارەی وەرزی زستان دا کە جەماوەری کورد خۆی بۆ ئاهـەنگی نەورۆز ئامـادە دەکـات، بەرێـزەوە یادی ئەو کەڵە شاعیرەش دەکـاتـەوە کە تالەژیـان دابوو بایەخێکی یەکجار گرنگی بەم جەژنـە نەتـەوەییـەدا، وە گشت ساڵێـك لە گردی مامـەیـارە کە بوو بەجێ خەوی یەکجـاریشی، ئالەو شوێنـە دڵگیرەدا ئاهەنگی میلی بۆ نەورۆز ساز دەکرد.

بۆیە پشتاو پشت لەتەك ناوی نەورۆزدا خێرا «پیرەمێرد» دێتەوە یاد.

ئەم شاعیرە مەزنە لەتەك نەورۆزدا سەرگوزشتەی زۆری هەیە، وادیارە کە خۆشەویستی ئەوو نەورۆز دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی منالیی شاعیر.

ئەوەتا دەڵێ: «مندالّ بووم لای مەلا حسێنە کۆجە ئەم خوێند، کە ئەگـەیشتینـە دەمی بەهـار، مامـۆستـا ئەیگـووت: بچن نەورۆزانە بێنن، ئێمەیش بەسەر دایکمانا ئەگریاین، سا دایك و باوکمان هەرچی‌یان لەدەست بهاتایەو هەرچی یان لەبارا بوایە ئەیان داینێ، ئەمان هێنا، ئەویش بەشی خۆی لێ هەڵ دەگرت، ئەمجـا دەچـووین لەمـزگـەوتی شێـخ ئەورەحمـانی شێـخ ئەبوبەکری شێخەولا سوورەی دۆڵەتوویی خەتی خۆش بوو، نەورۆز نامەی بۆ ئەنووسینەوە.»[1]

ئەمجا وەك خۆی باسی دەکات ئەورۆژە مامۆستاکانیان مۆڵەتیان ئەدان و حوجرەیان بەجێ‌دەهێشت و بە گۆرانی نەورۆزنامە بە کووچـەو کۆلانـی شاری سلێمـانی‌دا دەگـەڕان و لەوەودوا دەچوونە قەراغ شار، ئەورۆژەیان بە ئاهەنگ و گۆرانی‌و خۆشی‌و شادی‌یەوە لەو دەشتانە بەسەر دەبرد.

بەلام سەیر لەوەدایە کە منالانی ئەودەمەی سەدەی نۆزدەیەم بەچـاکی لەنـەورۆز نەگـەیشتـوون، هەر ئەوەنـدەیان زانیوە کەدەبێ نەورۆزانە بۆ مامۆستاکەیان ببەن و ئەو ڕۆژەش ئازادن بۆخۆیان دەتوانن تا ئێوارە ئاهەنگ بگێڕن، لەم ڕووەوە (پیرەمێرد)

دەیگێڕێتەوە دەڵێ:
«نـەمن ، نە ئەو منـاڵانـەی هاو تەمەنم بوون نەمان ئەزانی (نـەورۆز) چیـیـە؟ تا ڕۆژێ حەسـەنـە فەنی مامم بۆی لێك دامەوە».

کاتێ کە پیرەمێرد لە دیاری غوربەت گەڕایەوە، بیری لەوە کردەوە کە ئەم جەژنـە نەتەوەیی‌یە ببوژێنێتەوەو بیکات بە جەژنێکی میللی. لێرەدا دەڵێ: «کە هاتمەوە ئێرە جارێکیان هەروا لەخۆمەوە نەورۆزم هاتـەوە بیر کە ئەمـە (عـەنعـەنە)و پیشەیێکی باوو باپیرمـانـە، ئێـوارەیێکی شەوی نەورۆز هەندێ دارم کڕیو کورگـەلی زانستیشم هەڵگـرت و چوومـە گردی یارە، ئاگـری نەورۆزم کردەوە، بۆ بەیانی سەیرانم کردو لەو دەشتە بە دەهۆڵ و زورنـا هەڵپـەڕین، نان و چێشت و چایـەکی زۆریشم تیـا بەشیەوە»[٢]

★★★

خوێنـەرانی ئازیـز دەشێ ئەوە بزانن کە (پـیرەمێرد) لە ژیانی خۆیدا جارەها وتوویەتی: زانستی ئەم چاوەمو ڕۆژ نامەکەشم ئەو چاوەکەی ترمە، جگە لەم دوانە جگەرگۆشەیێکی ئازیزیشی هەبـوو کە نەورۆزە.. ئەوەنـدە بەتـەنـگ ئەم جەژنەوە بوو تا بەباوکی نەورۆز دادەنرا. ئیتر تا ئەوساتەی کە لاوانی ڕووناکبیر پێگەیشتن و دڵنیابوو لەوەی کە ئەم جەژنە چۆتە خوێنیانەوە.. بەدڵێکی شادەوە مەشخەڵەکەی دایە دەستیان، تا ئەورۆژە - جگـە لەو ساڵانـەی کە بەدکـاران ئاگرەکەیان دەکوژاندەوە - هەموو ساڵێ بەتەنیاو بەگیانی لاوێکی تازە نەمامەوە سەیران و ئاهەنگی قەشەنگی ساز دەکرد.

★★★

لەساڵی ١٩٣٥/ دا پیرەمێرد لە ڕۆژنامەکەیدا بانگی نەورۆزی بەگوێی میللەت دا هەڵ دا، بیری خستنەوە کە ئەم ڕۆژە جەژنی باوو باپـیرانـمـانـە، با هەمـوان تێی دا بەش داربـن، لەونووسینەیدا وتوویەتی: «وا چلەپاك بووەوە، ڕوو لەبەهارین و خاوەر بەدەمنگی هوزار خاوکەرمان بۆ دەڵێ، زەوی‌و گوڵ و دارو درەخـت زیـنـدوو ئەبـێـتـەوە، دڵی شاعـیری تازەو کۆنیش ئەبـووژێنێتـەوە، کۆنـەکانمان داناوە بەدەمارە تووتن، بزانین تازەکانمان بۆ نەورۆز دێنە هێلکە.»[٣]

پیرەمێرد نیازی وایە خوا یاربێ، شەوی هەینی بیست ویەکی ئازار بەیـادی گیانی باوك و باپیر لەسەر گردی یارە ئاگرێکی نەورۆزیی بکاتەوە، وەك (ئەسپریزم)[٤] ئەورۆحە بڵندانە بانگ کا، هەر لەئێـوارەیشـەوە دوازدە سەمـاوەر لەسـەر (کارێزی شەریف - مەڵبـەندی جوانان) دەم دەکرێ، هەر کەسێکیش نەورۆز نامەیێك بنووسێ، چاو مێوژو گوێزو حەڵوای گەزۆی دەدرێتێ»[٥]

★★★

لەهەموو سەردەمێك دا نەیار هەبوون و هەن، لەوساڵانەدا کە پیرەمێرد دەیویست نەورۆز بکات بەجەژنێکی نەتەوەیی‌و میللەت بەشـداریی ئاهەنگەکانی بکات، بەدخواە هەمەجۆر بەیت و باڵۆرەو بەنـدو باویان دوای نەورۆز خست، هەر یەکەو جۆرە قەوانێکیان لێدەدا.

بۆیە لەساڵی دواییدا - واتە ١٩٣٦ - پیرەمێرد لەوە دەدوێ کە نەورۆز هی خۆمانەو لەسەر ئارەزووی هیچ لایەك نی‌یە، ئاگری نەورۆزیشمان بەسیاسەتی هیچ لایێك جۆش ناخوات، لەتەك ئەو وشانەش دا ویستوویەتی لە جەماوەری بگەیێنێ کە نەورۆز جەژنی هەموو کوردێکە، ئاهەنگەکانیشی بۆ هەموانە، پێویست بەوەناکات بەتایبەتی خەڵك بانگ بکەین، هەموان بانگ کراون.

بەم شێوەیە دەبینین پیرەمێرد دەنووسێ: «جەژن و بەهار، گوڵ و گوڵزار. خوا بۆ ئەم ساڵیش گەیاندینیەوە نەورۆز، نەورۆزی ئەم ساڵـان نورون عەلانووره، ساڵان ئەیانوت: نەورۆز بەهەوای لای سەرورمانە، ئەم ساڵ با پێمان بڵێن بەهەوای خۆمانە. خۆ ئەگـەر ڕاستتـان ئەوێ نەورۆزی باوو باپیرمانەو پیرەمێردانە کاری بەهیـچ بارێکـەوە نی‌یـەو هیـچ سیـاسـەتـێ بەئاگری نەورۆزی ئێمـەدا جۆش ناخـوا، تەنها ڕەوییەو عەنعەنەیێکی کۆنی خۆمانە، ئەمجا خوا یاربێ شەوی بیست و یەکی مارت لەسـەرگـردی سۆفیـیارە ئاگری نەورۆزمان دیارە، بەرۆژیش دهـۆڵ و زورنـاو هەڵپەرکێو بەژمارەی ساڵ کە دوازدە مانگە دوازدە سەمـاوەر لەجۆش داو خۆیشمان لەخرۆش دا دەبین. ئەمە جەژنی هەمولایەکەو بانگ کردنی پێناوێ. دوورۆژیش تەعتیلی دەوائیرە، لە دووریشەوە هەرچی خۆی بەخۆمان بزانێ دێت»[٦].

دوای ئەوەی کە پیرەمێرد ئەو وتارەی بڵاوکردەوەو خەڵکەکەی بۆ (نەورۆز) ئاگادارکرد، بەڵێنی خۆی بردەسەر، لەنەورۆزا ئاگری خۆی کردەوەو بە دڵی خۆیشی ئاهەنگی سازکرد. بۆ ئەوەی لە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژوویشدا بمێنێتەوە، لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا ڕیپۆرتاژێکی دەربارەی ئەو ئاهەنگانەی ئەو ساڵە نووسیوە کە تێیدا فەرموویەتی:

ئێوارەی جومعە کە بۆ شەممە دەچوو، ڕۆڵەی زانستی بە گۆرانی نەورۆزەوە ڕوویان کردە (یارە) کە (دیار)ی لێوە دیارە[٧]

لە تەپڵە سەری گردەکە بە دەوری (یارە)دا ئەهرامێکی داری سووتەنییان هەڵچنی، تاشەوێ، ئەو دەمەی ڕۆژ پێی نایە کەلووی بەرخەوە[٨].

بەجارێ گڕی ئاگر لە دیاری یارەدا دیاری ئەدا.

بەیانی زوو ئاوازەی دەهۆڵ و زوڕناو نەغمەی شادیی نەوجوانانی زانست لە کووچەو بازاڕی شاردا دەنگی دایەوە، بەجارێ ڕوومان کردە کۆی ئاتەشگاو کارێزی شەریف، ویزەی سەماوەر پەیدابوو، باو بارانیش لە سەرداکردیانە گیزەو گورە، کەوتینە بەربەرەکانیی. کوڕگەڵ نەجووڵان تا ئەوشکا. ئیمانم هێناو باوەڕم کرد لەبەر عەزم و ڕەزمی لاوانی زانستیدا هەور، باوباران خۆیان نەکرت!

تا ئێوارە پۆل پۆل و تیپ تیپ هاتن، ئەودەشتە بە گوڵی گیان داری نەورۆزو شادمانێیو ئازادیی کچان و خوشکانی دڵسۆز بووبووە بەهەشتێکی فەیرۆزو ڕۆژێکی بەهە ڕۆز.

خواردەمەنیش (ماتشتهي الأنفس) کەوتبوە (بروز). دووریز لە دەنگە خۆشەکانی زانستی وەك دوودەستە بولبولانی وەتەن دوو نەشیدی نەورۆزیان بەرامبەری یەك ئەخوێندەوە،چوار دەستەیش لەژێر قوماندەی چوار سەرپەرشتیکەر کە هەر یەکەیان بازووبەندی زانستییان لەقۆڵ دابوو، لەچوار لاوە بۆ بەپیرەوە چوون و خۆش ئامەدیو میوان داری خزمەتیان ئەکرد.

پیرەمێردیش بە داری خۆی کە بۆ نەورۆزی کڕیبوو ئاگریان تێبەردابوو هەڵپەرکێو سەرچۆپیو ئەم سەرەو سەری سەرگردەکەی بەرکەوتبوو. بەوەیش وازیان لێنەهێنا ئەیانگووت لەنەورۆزا ئەبێ حەوت خواردەمەنی (میم) ببێ.[٩] بە زۆر (ماسی)و (مریشك)و (میوە)و (ماست)و (مێوژ) بە خورماو (ملح - خۆی - بۆ هێلکەو (مەسکەت) بۆ منداڵانیان پێ پەیداکردو نان و پەنیرو گۆن و گورچیلەیشیان خوارد!

دوای تێریی، چوار تەلەبەی شاعیری زانستی غەفوور زەینەددین و بەنگینەو هیواو مەجید مناڵ چوار مەنزوومەی میللی جوانیان خوێندەوە. خواپێمان ڕەواببینێ لە شاگرد نانەواو کەوش دروو، کوڕە بەردکێش بە سایەی زانستییەوە ئەم ئاداب و تەمکین و شاعیریو حیسسی میللەت پەروەرییان بۆ پەیدابووە، جەژن و سەیرانێکی وا بە دەبدەبەیان بێ قرەو گورە بەجێ هێنا.»[١٠]

★★★

وەك لەپێشەوە ئاماژەمان بۆکرد، گەلێ بوختان بەنەورۆز دەکرا، جگە لەوەی کە ناحەزان زۆریان لەبار دڵ گران بوو، پیرەمێردێکی بەساڵا چوو بتوانێ ئەم هەموو خەڵکە لەخۆی کۆ بکاتەوەو ئاهەنگی نەورۆزیان بۆ سازبکات، بەوپێیە توانییان لای موتەسەریف کەمەجید یەعقوبی بوو نەورۆزو ئاهەنگەکانی بەشێوەیێکی تر لەقەڵەم بدەن، ئەویش لەساڵی ١٩٣٨دا ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی قەدەغەکرد[١١].

هەروەهاش نەورۆزی ساڵی ١٩٣٩ بەدەردی ساڵی پارچوو، لەساڵی ١٩٤٠دا کەمەجید یەعقووبی لە سلێمانی نەمابوو، وەحاجی ڕەمەزان پاشابووبوو بەموتە سەریف، پیرەمێرد بەتەمابوو کەئەم ساڵ گردی یارە ئاهەنگەکانی ساڵانی پێشوو بەخۆیەوە ببینێ، بەڵام ماوەی نەدرایە کەجەژنی نەورۆز ڕوخساری جوانی خۆی بنوێنێ. پیرەمێرد نەیهێشت ئەمەی بەسەردا تێپەربێ، لەڕۆژنامەکەیدا ئەم دوو دێرە شیعرەی گرتە موتە سەریف.

موحەرەم ماتەم سەفەر دەعوابوو

هەر ڕەمەزان بوو جەژنی لەدوابوو

بەمانا ئەگەر ئەم موتەسەریفە کەناوێ ڕەمەزانە بڕوات، لای ئێمە لە خۆشیانا دەبێ بەجەژن.

بەدەم هەناسەی ساردەوە شاعیری جەرگ هەڵقرچاو کەرێگای گردی یارەو کارێزی وەستا شەریفی لێقەدەغەکرا ئەم چەند دێرە شیعرەی بڵاوکردەوە.[١٢]

یاخوا ئەو کەسەی کە ئەم دوو ساڵە
لێم کەوتە گیزە وەك زەردەواڵە
نەی‌هێشت ئاگری (یارە) بگرێ
چەقۆی ئاهی من جەرگی هەڵدڕێ

★★★

لەنەورۆزی ساڵی ١٩٤١دا ڕێگای ئاگرکردنەوەدرا، بەڵام ماوەی سەیران و کۆبوونەوەو ئاهەنگیان نەدا، بۆیە دەبینین پیرەمێرد ویستویەتی بە شیعر ئەو بۆشایی‌یە پڕ بکاتەوە، با شیعری نەورۆز بەسەر ئەو دەنگانەدا زاڵ بێ کە دیانەوێ کڵپەو بڵێسەی ئاگری نەورۆز بکوژێننەوە. لە ڕۆژنامەکەی‌دا نووسی:
«شوکر شارەکەی ئێمە بە ئاگری نەورۆز سوژێکی بەهاری‌و چیلوەییکی ئەدەبی تیا پەیدابووە هارەهاری شیعرو ئەدەبی تازە پەیدابووە. کچە کوردێکی فریشتەی ئاسمان بە دوو شیعری پڕ جۆش و خرۆشی نەورۆزییەوە سەرمەستی‌یەکی میلی‌و حیسی خستەوە ناومان. (ناهیدە سەلام) کارتێکی زرنگاوی وەك خۆی بە دوو شیعری شیرینی دوو باڵی پەری‌یانەوە بەسەر ئەوجی وەتەنەکەیان خستۆتە جەولان. خۆ هێجگار (گۆران)، بەڵێ (گۆران) ئوستادی زمانەکەمان بەهاری‌یەکی نەورۆزی نووسیوەو لە (ژین)دا دێتە بەر چاوتان و بەگۆرانی (گۆران) ئەچینە سەیران»[13].
لەساڵی ١٩٤٢دا دیارە کە هەندێ گۆران لەبارو دۆخا ڕووی دابێ بەهۆی ئەوەی کە شێخ مستەفای قەرەداخی بۆتە موتەسەریفی سلێمانی.
پیرەمێردی تامەزرۆی سەیران و جەژنی نەورۆز، پێش وادە بە دوو ڕۆژ لە (ژین)دا مژدەی سەیران و ئاهەنگ دەدات، جارێکی‌تریش ئەوە بەگوێی ناحەزانا دەداتەوە کە نەورۆزەکەمان هی خۆمانەو بەهەوای هیچ لایەك گڕی خۆش نابێ، خۆمان خاوەنی ئەم جەژنە نەتەوەییەین، لەم بارەیەوە نووسیویە:
«بۆ ئەوەی باوەڕمان پێ بکەن کە تائێستا سەیرانی نەورۆزمان بە هیچ هەوایەکی هیچ لاوە نەکردووە، وا شەوی یەك شەممە لە گردی یارە ئاگری نەورۆز ئەکرێتەوە، ڕۆژی هەینیش سەیرانە، جنسی لەتیف کە ئەم ساڵ لە بەفرا کەسیرە بوون، با، بای باڵی خۆیان بدەن، بەسایەی ئەوانیشەوە جینسی خەشن ئەتوانن بێن، بەڵام ڕەشبەڵەك نی‌یە»[14].
لەمەوە دەردەکەوێ کە جارێکی‌تر پیرەمێرد خواستی ئەو خەڵکەی هێناوەتە دی‌و زەردو سوور کارێزی وەستا شەریفیان ڕازاندۆتەوەو لەتەك نەورۆزی کوردا دەست لەملانیان کردووە.

★★★★

بۆ ساڵی دواییش واتە ١٩٤٣ بەگەرمی پێشوازیی نەورۆز کراوە، ئەو ڕۆژە گردی مامە یارەی قارەمان و سەرکارێزەکەی وەستا شەریف بۆ تەمەڵبەندی نەوجوانانی کورد. لەم بارەیەوە (پیرەمێرد) گلەیی لەوە دەکات کە هەوایان لێگۆڕاوەو ئەو ڕۆژەی کە ئاگری نەورۆزی تێدا کراوەتەوە ساردو سەر مابووە، دەڵێ:
«ئەو ڕۆژە بایەکی هەڵکردبوو لەو دەشتە، گای ئەفراند، لەبەر ئەوە سەیرانمان خستە ڕۆژێکی هەینی»[15].
ئەمجا باسی سەیرانەکە دەکات کە لە ڕۆژێکی خۆشی هەینی‌دا ساز کراوەو دەڵێ: «تیپی کیژە کوردەکان کە وەك گوڵ و گوڵاڵە ڕازابوونەوە.
گوڵ و گوڵاڵەی سەحرایان بەست کردو کارێزی شەریف بوو بە مەڵبەندی جوانان، پیاوان کەوتبوونە ژووری کارێزەکەو دەستەی جینسی لەتیف لە تەوقەسەری گردی یارە شێخ حەفسەی نائیب ڕەئیسی کۆمەڵەی جینسی لەتیف[16] تەختگای خۆی‌ڕازاندبووەوە. بە هەر چوار تەرەفی گردەکە شاژنان حەڵقەیان دابوو»[17].

★★★

لەساڵی ١٩٤٤ دا بۆ بیرخستنەوە پیرەمێرد لەوە دەدوێ کە چەند بە تەنگ نەورۆزەوە بووەو چۆن کردوویەتی بە جەژنێکی میللی، بەڵام ناحەزان بە گڕی ئاگری نەورۆز لەشیان داهێزراوە، بۆیە پەلەقاژێیان کردووە کە ئەو ئاهەنگە جەماوەری‌یە کوێر بێتەوە، لەم ڕووەوە پیرەمێرد نووسیویەتی:
«سەر گوزەشتی من و نەورۆز دیوانچەیێکە، ئەبێ ئەوەی ئایندە لە بیریان بێ‌و لەبەریان بێ بۆ ئەوەی لە پەیجۆرو ڕاو ڕەسمی باوو باپیری خۆیان و پیشەی ئێڵەکەیان نەبەزن و بەکێش بن.

لەمەوبەر نووسیبوومان کە بۆ ئەم نەورۆزە چییان بەسەر هێناین کە خوێی چێشتە، جارێ با ئەوە بمێنێ. ئەم جارە خۆشەوەکەرەی دوای تاڵەوەکەرە ئەنووسین. ئەم ساڵ داخی هەموو ساڵێکمان رشت، جارێ لەپێشەوە لەسەر گردی یارە سەر لەئێوارە دار هەڵچنراو کە تاریك داهات بە دەهۆڵ و زورنا ئەهلی ئەم شارە چوون ئاگریان تێبەردا، نێڵەی ئاگرو ناڵەی دەهۆڵ بەرز بووەوە تا درەنگێ لەو سەرگردە هەڵپەرکێ بوو»[١٨]

پیرەمێرد هەر لەوتارەکەدا باسی سەیرانەکە دەکات و دەڵێ:

«بۆ رۆژی جومعەیش بۆ جاری سەیران بە شارا گەراین و رووەمان کردە کارێزی شەریف»

پاشان دەڵێ: «پیرەمێرد ئەو دەشتەی پرکردبوو لە گوێزەبانەو خواردەمەنی، ١٦٠٠ نان بە ژمارەو شەش مەنجەڵ یا پراخ و چوار مەنجەڵ پلاوو دۆکوڵیوو قەزاتمەی عمومیو گوێزەبانەیش مێوژو گوێزو خورماو نوقڵێکی زۆر. هەر وەها چوار پەردەپلاوو چوار سینی پاقلاوەو پەنیرو خورماو هێلکەی کوڵاوو تەرەپیاز.[١٢] سەماوەریش تائێوارە چای ئەدا»[١٩]

★★★

نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ لەبەر ئەوەی رووداوێکی ئەدەبیی گرنگی تێدا رووی‌دا، لەمێژووی ئاهەنگەکانی نەورۆزدا لەبیرناچێتەوەو هەمیشە بە شانازی‌یەوە باس دەکرێت. وەك ساڵانی رابوردوو رۆژنامەی ژین[٢٠] بۆمان دەگێرێتەوە کە لە رۆژی نەورۆزدا ئاگر کراوەتەوەو کورگەلی کورد بە دەهۆڵ و زورناوە دەستیان بە هەڵپەرکێ کردووە، پاشان هاتوونەتە قەڵەندەرخانەکەی پیرەمێرد، لەوێ دۆکوڵیوی نەورۆزیان خواردووەو چای خەستیان بەسەردا نۆش کردووە، بەهیوای ئەوەی کە هەفتەی دوایی لەرۆژێکی خۆش دا سەیرانەگشتی‌یەکەش بکەن.

بەڵام باران و سەرماو رەشەبای سلێمانی دەرفەتی‌نەدوان، بۆیە سەیران و ئاهەنگی نەورۆزی ئەوساڵە کەوتوتە رۆژی چوارشەممەی ٤/٤/١٩٤٥. لەو رۆژەدا خێوەت لەسەر کارێزی وەستا شەریف و بەر گردەکەی مامەیارە هەڵ دراوەو دەشت و هەردی ئەو ناوە بە ئاڵ و والا رازاوەتەوە. دایەرەی مەعاریفیش ـ پەروەردەی ئێستا ـ بە هەمە جۆر چالاکی قوتابیانی کوران و کچان بەش داری‌یان کردووە. ئەو سەردەمە خوالێخۆشبوو «مارف جیاووك» موتەسەریفی سلێمانی‌بوو، لەبەر ئەوەی هاورێی غەریبیو دۆستی دێرینی پیرەمێردبوو، بەڵێنی‌دابوو یەکە خۆی لەو ئاهەنگ و سەیرانەدا بەش دار دەبێ. بەڵام وەك لەرێك خستنی رووداوەکانی ئەو چەند رۆژەدا دەردەکەوێ بە هیچ جۆرێ چاوەروان نەکراوەکە (ئەدمۆنز) لەو نەورۆزەدا ئامادەبێت.

ئەو دەمە کە ئەدمۆنز راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆبوو، لە کاروباری وڵات دا دەستێکی باڵای هەبوو، بەتایبەتی لە ناوچەی کوردستان دا.

بەپێی فەرمانی دەوڵەتی بەریتانیا ئەدمۆنز ئیشی لەعیراقدا تەواوبووبوو دەبوایە بەرەو ئینگلستان بگەرێتەوە، بەناوی ماڵ ئاوایی‌یەوە بۆ سلێمانی هاتبوو. ئەو بەیانی‌یە لەتەك موتەسەریف دا گەشتێ بە گوێژەو ئەزمردا دەکەن، لە گەرانەوەیان دا (جیاوك) وەك میوانێك خولقی دەکات کە بچن بۆ شوێنی سەیرانەکە. لە گەرمەی ئاهەنك و گۆرانیو سروودو هەڵپەرکێو شیعر خوێندنەوەدا فایەق بێکەس لە مێزەکەی ئەدمۆنز نزیك دەبێتەوەو دەست بەخوێندنەوەی شیعرە بەناوبانگەکەی دەکات:

بیست و حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم
بەنان و ئاوو جل و بەرگی خۆم
خزمەتم کردن لە ئێران و رۆم
لەپێناو ی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هێشتا هەر دیل و رەنجەرۆم
گوناهم چی‌بوو بەم دەردەت بردم
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم

دەربارەی ئەم رروداوە ئەدیبێکی ناسراوکهاورێی نزیکی بێکەس بوو، لەدانیشتنێك دا گێرایەوە وتی: «بێکەس ماوەیێك بوو ئەو شیعرەی نووسیبوو، چەند جارێك بۆ ئێمەی خوێندبووەوە، ئەوەبوو ئەو ساڵە بەهۆی ساردو سەرماو بارانەوە ئاهەنگی نەورۆز دواخرا، تا کەوتە سەرەتای مانگی نیسان، ئێمەیش لەو ئاهەنگەدا بەش داربووین، کاتێ کە موتەسەریف هات و بینیمان ئەدمۆنزی لەتەك دایە رووم کردە بێکەس و پێم

وت: فایەق فرسەتە، ئێستا کاتی ئەوەیە شیعرەکەت بەرامبەر یەکێ لەوانە بخوێنیتەوە کە (٢٧) ساڵە ئەمان رەتێننەوە.
بێکـەس لەسـەر قسەکەی من و هان دانی هاورێیانی‌ترمان لەمێزەکەی ئەدمۆنز چووە پێشەوەو شیعرەکەی خوێندەوە.»[٢١]

ئەمجا بێنەوە سەر باسی سەیران و ئاهەنگەکە. پیرەمێرد ئەڵێ:
«ئـەو کچـە وردانـە جلی پەری‌یـانەیان لەبەرابوو، بە ئاوازەو سروودێکی فریشتەیی‌یەوە سترانی کوردی‌یان ئەخوێندو کورە بچکـۆلەکانیش وەك لاوکی قەرو گوڵەزەرد بۆیان ئەسەندنەوە، ئەمـە نەغمەیێکی رۆحانی بوو ئەچەسپیە دڵەوە، دوای ئەوە دەستـەیێکی تری کچـە کوردان هەر یەکە لەبەرگ و پۆشینی شوێنێك دا خۆیان رازاندبوەوە، یەکێ جلی کچە بەغدایی، یەکێ کەرکـووکی، کوێی، هەولێری، جەزیـرو بۆتـانی، بادینـانی، کەنیشکە جاف‌و هەمەوەندی، هەرچی شێوەی کوردستانی‌یە بەو رەنگەنمایشێکیان دەکردو دیسانەوە بەو دەستوورە هەڵپەرکێ‌و نەریتی هەموو تیرەیەکیان پێ نیشان داین. هەزاران ئافەرین بۆ ئەو مامـۆستایانەی کە ئەم فیکرەیان کردۆتەوەو ئەم تەرتیب و ئینتیـزامـەیـان نوانـد. باوەر بفەرموون چونکو تا ئێستا ئەم هونـەرەم لەهیـچ شوێنێکی کوردستـانـا نەدیـوە، وەك تازە سەرلەنوێ هاتبمەوە جیهانەوە ئەمەندەم لەلا خۆش بوو.
یاخوا لاوە هونەرمەندەکان (صالح ئەفەندی)[٢٢] و رەفیقەکانی بەرخوردار بن،مودیری مەعاریفیش[٢٣] بەختیارەکە ئەم دەستە مامۆستایانەی پێ‌گەیاندووە.
ئینجا شیعرو نەشائیدی ئەدەبی[٢٤] و مۆسیقەی مەکتەب هاتە مەیـدان. گۆرانی کوردی بە عودو کەمـانەوە زەوقێکی رۆحی بەخشی، دوای ئەم قووت و قووەتی رۆحە هاتینە سەر نیشتیهای نەفسانی... تا.. د»[٢٥]
بەو جۆرە ئەو ساڵەش (نەورۆز) بەو شێوەیە بەرێ کرا.

★★★

وەك بۆمان دەرکەوت پیرەمێرد بە تەنیاو بەگیانی لاوێکی خوێن گەرمـەوە هەمـوو ساڵێ ئەم سەیـران و ئاهەنگە قەشەنگانەی دەگـێڕا، تا ساڵی ١٩٤٦ کە گڕی نەورۆز لە دڵی جەمـاوەری کوردستـانـا کڵپـەی کردو، ئاگـری نەورۆز لە ئاسۆی بڵندی وڵاتەوە مژدەی بەیانێکی نوێی دەدا، گڕی ئەوەندە بەتین بوو سەرتـاپـای کوردستانی روناك دەکردەوە. شەوقی مەشخەڵی نەورۆز لە (مەهاباد)ەوە هیوایەکی سەوزی لە دڵی لاوانا ئەچاند.
ئەو ساڵە قوتـابیان و لاوان و روناکبیرانی شاری سلێمانی بە سۆزو عەشقـەوە بەرێزو پێزانینەوە چوونە لای بابە گەورەی نەورۆز، پیرە مێردی شاعـیرو وتیـان: خاڵە حاجی، کاتی ئەوە هاتوە کە هەندێ لەو ئەرکەی سەرشانت سووك بکەین، دەبێ ئێمـەش پێـویستی نیشتمانی خۆمان بەجێ بهێنین، تۆ فێرت کردین کەچـۆن پێشـوازیی جەژنی نەورۆز بکەین، ئەم ساڵ دەمـانـەوێ خۆمان لەم بوارە بدەین، فەرمووتە شریف بهێنەو تاقی‌کردنەوەکەمان ببینە بزانە لە ئاستی ئەوە داین کە قوتابی ئێوە بین یان هێشتا ماومانە.
پیرەمـێردی مەزن بەم هەواڵە زۆر شادمـان بوو، بەختیاربوو بەوەی کە ئیتـر نەورۆز لەوە دەرچـوو ناحەزان بتوانن پلاری تێبگرن، ئەوا خۆشەویستی ئەو جەژنە لە دڵی قوتابیان و لاوان و کاسبکارانا چەکەرەی کردووەو روناکبیران دەیانەوێ ئاهەنگی تایبەتی بۆ سازبکەن .
لەرۆژی نەورۆزدا لە هۆڵی سانـەوی کورانـا کە بەجـەمالۆن سەری گیرابوو ئاهەنگێکی قەشەنگ سازکرا، قوتابیان بە بەرگی کوردی‌یـەوە پێشـوازیی میـوانـەکـانیـان دەکرد، باسووق و سنجووق لە سەبەتەی شووڵ دا پێشکەش دەکرا، شەربەتی مێوژ لەجامولکەدا دەخورایەوە، نێرگس بە بەرۆکی میوانەکان دا دەکرا. لەو ئاهەنگەدا جگە لە سروودو گۆرانی، فایەق بێکەس بە شیعـری (بەهار نامەوێ جوانیت ببینم)، أ.ب. هەوری بە شیعری (ئەی‌کورد)، بەختیار زێوەر بە پارچە شیعرێکی ناسك بەشدارییان کرد. کامەران و عومەر کەریم عەزیز چەند تەرجیع بەندێکی (حەمدی)یان خوێندەوە. عیزەددین مستەفا رەسوڵ ـ کە ئەودەمـە پێکەوە لەپۆلی یەکەمی ناوەندیی بووین ـ کورتە وتارێك و شیعرێکی شێخ سەلامی خوێندەوە.
شیاوی باسە ئەوانەی سەرپەرشتی ئەو ئاهەنگەیان دەکرد ـ خوا لێـان خۆش بێ ـ مامـۆستایان غەفوور رەشید داراغاو موحەرەم محمد ئەمین و کامەران و عومەر کەریم عەزیز بوون.

لەکۆتایی ئاهەنگەکەدا، داوا لە «پیرەمێرد»ی نەمر کرا کە بە وتەیەکی شیرینی کۆتایی بەئاهەنگەکە بهێنێ، وا دیارە عیززەدین مستەفا کە بچووکترین قوتابی قوتابخانەی سانەوی‌بوو، بەو وتارەی سەرنجی پیرە مێردی ڕاکێشا بێ، بۆیە خاڵە حاجی لە سەرەتادا وتی: «من نەم ئەویست قسە بکەم. ویستم ئەم جارە قسە بدەمە دەست لاوان، بەڵام خوێن گەرمی ئەم منداڵە هێنامیە قسە، ئیتر مادام من بە چاوی خۆم دیم منداڵێکی بچووکی کورد بەم کوڵ و دڵە هاواری کوردستان ئەکات، ئیتر با من بمرم، باپیرەمێرد بمرێ، چونکە هەر لاوان نین منداڵانیش هاواری میللەتیانە»[٢٦].

ئەمجا پیرە مێرد وتی: «ئێستەش ئازاری زەبری تورکیا لەمووورەغەی پشتما دێت و دەچێ لەسەر ئێوەی کورد، پیرو کەنەفت بووم و ئێستە شەکەتم و لەش داهێنرراوی هەورازە ڕێی شیعرو ڕۆژنامەو نەورۆز بۆ ئێوەی کورد. بەڵام ئەو فرمێسکانەی ئەرژێتە سەر ڕووی پیرم فرمێسکی شادمانی‌یە، چونکە من ئەترسام کە مردم مەشخەڵی نەورۆز بکوژێتەوە. کەچی ئەو مەشخەڵە پیرۆزە سوپاس بۆ خوا، لە دەستی لەرزۆکی منەوە، درایە دەست ئێوەی بازوو پۆڵا، لەمنی پیرەوە پێشکەش کرا بە ئێوەی لاو، چەند شادم بەوەی دڵنیابووم کەوا نەورۆزی جگەرگۆشەم دوای من بێ باوك و بێ باوان نابێ»[٢٧].

ئەمجا پیرەمێرد بەم شیعرە کۆتایی بە وتەکەی هێنا.

بەسەر شاخی ئەراراتا بەلاوك پیرەمێرد سەرکەوت
ئەڵێ: شوێنم کەون کورگەل، شەوی سەرکەوتنە ئەم شەو.

کە ئاهەنگ کۆتایی هات وخۆر ماڵ ئاوایی لە کەل کرد، قوتابیانی سانەوی گشتمان لەمناڵەوە تاگەورە بەپێی ڕاسپاردەیەکی لەوەوبەر شاپلیتەمان هێنابوو، شاپلیتەکان بەتەنەکە نەوتا دەکران، بە جارێ سەدان مەشخەڵ ئامادەکرا بۆ نمایشێك کە شاری بە جارێ کرد بە چراخان. سروودو هیتافی قوتابیان مژدەی خەباتی نوێو پێگەیشتنی دەستەیە تێکۆشەری نوێی بە گوێی جەماوەردا دەدا. ئەم نمایشە چەند سەعاتێکی خایاند، ئەمجا لەبەر دەمی قوتابخانەدا بڵاوەی لێکرا. شیاوی باسەکە ماموستای خوا لێخۆشبوو وەدیع فتح الله ئەو دەمە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەبوو، بەدرێژایی ماوەی ئەو نمایشە لەتەك قوتابیەکانیابوو، بەجێی نەهێشتن نەوەك تووشی گێژگرفتێ ببن.

★ ★ ★

هەفتەیەك پێش نەورۆزی ئەو ساڵە، پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی (ژین)دا وتارێکی نووسیبوو تێیدا وتبووی: «وا ئەم پێنج شەممومان لەگەڵ زستان بردە سەر، ئەو پێنج شەممەکەی‌تر سەرلەبەیانی ڕۆژی ساڵی تازەیە، کە نەورۆزی پێ ئەڵێین، ئێمە وەکوو هەموو ساڵێ بە یادگاری باوك و باپیرو پیشەی کوردەواری جەژنمان کردووە، ئەم ساڵیش لەسەر گردی یارەی سەرنیگاو گۆڕی پیرەمێرد، ڕێی بەختیاری ساڵی ئایندە ڕووناك ئەکەینەوەو سەیرانەکەشی ئەخەینە ڕۆژی جومعەیێکی خۆشی بێباران. جیاوك[٢٨] پار ڕەونەقێکی دابوو بە سەیرانەکە، ئەم ساڵ تەنها بە سیفەتی جیاوکی چاوەڕێی ئەکەین و سەرپەرشتی ئەم سەیرانە کوردەواری‌یە بکات، بێ ئەو ناخۆشە، جیاوك تا بە موتەسەریفی لێرە بوو نانی کەسی نەخوارد، ئەم جارە کەخۆمانە دێت، خۆم و خۆی بەیەکەوە ڕائەبوێرین»[٢٩].

هەر لەم وتارەی‌دا پیرەمێرد دەڵێ: «لە کفری‌یەوە بە ناوی نەریمانەوە[٣٠] نامەیێك و بەندی ژینمان بۆ هات، ئای چەندم پێخۆش بوو ئەم لاوانە ئەمەندە تاسەی غەزەتەی خۆیانیان لەلایە، نەریمان ئەڵێ: ژینم خوێندەوە خۆم وا ئەزانی وام لەم شایی‌یەی ناو سلێمانی. ئەم جارە بێتەوە شیعرەکانی ئەنووسین»[٣١]

★ ★ ★

دوای ئەو ئاهەنگە ڕەنگینەی کە لە سانەوی سلێمانی سازکرا، پیرەمێرد سەیرانە ئاسایی‌یەکەی خۆی وەك جاران لەگردی یارە کرد، کورو کاڵ کۆبوونەوە تێر هەڵپەرکێو زەماوەندکرا، نەورۆزی ئەوساڵە حەقە وەسێن بوو، بووە دوو نەورۆز. پاشان پیرەمێرد لە وتارێك دا باسی ئەو ئاهەنگانە دەکات، گەلێ شانازی بەوەوە دەکات کە ڕۆڵە دڵ سۆزەکانی‌و قوتابیانی جگەر گۆشەی کارێکی وایان کرد کە ئەم جەژنە بنج بەست بێو هەتا هەتایە لە دڵی کوردا بێ.

لەو نووسینەی‌دا پیرەمێرد وتوویە :«ئەم ساڵیش بە خۆشی،

دۆستیی سەری هەموو قەومی کورد ئاگری خۆمان تیا کردەوەو بە شەوقی ئەو ئاگرە رێی ساڵی ئایندەمان روناك بوەوە. بەختیاری‌یە بۆ من کە پاش ٢٦ ساڵ چەرمەسەری‌و ئاگر کوژاندنەوەو رێ لێ‌بەستنی بەدکاران گەیاندمە رۆژێك کە بێ ترس و پرس لە هەموو لایەکەوە رۆشنایی میللەتەکەم بینرا.[٣٢]

یاخوا بەرخوردار بن لاوان و خوێندەوارانی نیشتمان و رۆڵەی نەبەردی مەکتەب گەلێ لەمنیان تێ‌پەڕاند، ئەو شەوو رۆژە بە عەزم و رەزم و ئاهەنگەوە لەمەکتەب دا حەفلەیەکی بە ئەدەب و ئاداب و لەسەر گردی یارە بە دەهۆڵ و زورناوە لە دەوری ئاگری نەورۆز هەڵپەرکێ و جونبوشێکی نایابیان کرد، خۆ هێجگار جووتە بولبولی گوڵزاری کوردستان رەشۆل و مەحموود[٣٣] یاخوا لە چاوی بەد بەدووربن، بەهەموو بەندو گۆرانی‌و بەستەو قەتارو خاوکەرو لاوکی کوردی ئاهەنگیان گێڕا، سوێند ئەخۆم لە هیچ شوێن و قەومێك و دیارێك، بەڵکو لە فریشتەی عالەمی باڵا بەسۆزترو بە نەشئەترو بەتەئسیرتر وێنەیان نەبوەو نایشبێ.

دیتە ئەوەڵ بانگی بەیان بوو، ئەمەندە بەزەم زەمەو جۆش و خرۆش بوو لە خۆشیانا منی هێنایە گریان. ئیتر چاوم لەدوای خۆمەوە نەماوە. ئەو جەژنە وا بنج بەست بوو، ئەو ئاگرە وا گری سەند ناڕوخێ‌و ناکوژێتەوە»[٣٤]

★ ★ ★

هەر چەندە ئێمە لەم باسەدا تەنیا لەئاهەنگەکانی شاری سلێمانی دەدوێن بەڵام جێی خۆیەتی کە ئاماژە بۆ ئەو ئاهەنگانە بکەین کە لەم ساڵەدا واتە ١٩٤٦ لە شارەکانی تری کوردستان دا سازکراوە. وا دەردەکەوێ کە گری نەورۆز لە گردی یارەوە تیشکی گەیاندە هەڵەبجەو هەولێرو کۆیەو کفری.

پیرەمێرد سەبارەت بەو ئاهەنگانە دەڵێ :«لە هەلەبجە یەکەم جارە ئاگری نەورۆز کراوەتەوە وا ئەویشمان نووسی»[٣٥].

بە درێژی باسی ئاهەنگی نەورۆزی هەڵەبجەی نووسیوە. لە شوێنێکی تری هەمان ژمارەدا ئەڵێ: «لە هەولێرەوە بەناوی مستەفامە مەجیدەوە[٣٦] مەقالەیێکی دوورو درێژو پڕ تام و لەزەتمان وەرگرت ئەڵێ:

ـ یەکەم جەژنی نەورۆز لە هەولێرا زۆر بەزەمزەمەو خۆشی‌بوو، تا ئێستا هیچ موتەسەریفێك ئەمەی بەکورد رەوا نەدیوە، وا ئەم ساڵ موتە سەریفی ئەوێ رێی‌داون. هەموو لاوان و عەشایەر بە سەرپەرشتی عاصم حەیدەری[٣٧] جەژنێکی راستەقینەیان کردووە خوالێ‌یان پیرۆز کا[٣٨].

لە ژمارەیێکی تری رۆژنامەی ژین دا پیرەمێرد باسی ئاهەنگی نەورۆزی ئەوساڵە دەکات لە شاری کۆیەو دەڵێ:

«لەکۆیەوە حیسامەددین نازەنینی تەفسیلاتی ئاهەنگێکی نەورۆزی بۆ نووسیوین، جەدوەلێکی ناردووە کە چەند شاعیر شیعری تیا خوێندوۆتەوەو چەند دەستەی گۆرانی بێژ ئاهەنگیان گەرم کردووە، لە لایەکەوە بە دەهۆڵ و زورناو هەڵپەرکێ‌و لەلایەکی ترەوە بەشمشاڵ و بلوێرو بەیت و باڵۆرەی باپیران و لاوکی کوردی»[٣٩] نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ دوا یادگاری پیرەمێرد بوو بۆ نەوەی داهاتوو، چونکە وەك لەمەو دوا روونی دەکەینەوە ئیتر تاکۆچی دوایی کرد بۆی نەرەخسا کە ئاهەنگی نەورۆز وەك جاران سازبکات. بە هەر حاڵ ئەم ئەدیبە مەزنە لەشاری سلێمانی‌دا ماوەی چارەکە سەدەیەك بەشیعرو بەنووسین و بە رۆژنامەو بە پێ‌گەیاندنی قوتابیانی زانستی‌و بەگەشە پێ‌دان بە جەژنی نەورۆز سوارچاکێکی بێ وێنە بوو لە گشت بوارەکان دا.

★ ★ ★

ساڵی ١٩٤٧ خەم و پەژارە وەك مۆتەکە چۆکی‌بەسەرسنگی خەڵکی‌دا دابوو، هەورو تەمی مەینەتی بەری ئاسمانی کوردستانی گرتبوو، ماتەمینی لە کوردستانی ئێرانەوە دەکشاو هەواڵی کۆستی گەلی رادەگەیاند، ئاواتی میللەت زیندە بەچاڵ کرا، سەدان رۆڵەی کورد لە ئێرانا بەندی زیندان بووە پیرەمێردی جگەر سووتاو هەفتەیەك پێش نەورۆز لە (ژین) نووسی[٤٠]:

«مەولەوی، شیعرێکی هەیە ئەڵێ:

دڵتەنگی و بەهار بێ شەوقی‌و نەو گوڵ
مەلوو لی‌و گولزار بێ زەوقی‌و بولبول»

ئەمجا ئەڵێ: «هەموو ساڵێ لە دەمەو بەهارا وەك بولبول نەشیدەی نەورۆزم ئەخوێندو تەدارەکی سەر گردی یارەو

سەیرانی کاریزی شەریف و ١٥٠٠ نان، هەر نانێکی پێنج یا پراخ، ١٢ سەماوەر، ١٢ بریانیو گوێزەبانەی مەولوودم رێك ئەخست، وا ئەم ساڵ ئاگری نەورۆز کەوتە جەرگ و دەروونمەوە، فەتوام دا نەورۆز نەبێ[١١] لە هەمووی بە ئێش تر دڵ شکستی ئەم مندالانەی کەبە هەر کۆلانێك دا رائەبووردم شوێنم ئەکەوتن: [حاجی تۆفیق کەی سەیرانەکەمان بۆ ئەکەی ؟] دەجوابی ئەو رۆلە شیرینانە چۆن بدەمەوە؟ خوای ئەو بێ گوناهانە دڵمان خۆش کا».

کۆتایی و تارەکەشی بە شیعرێکی [وەلی دێوانە] دەهێنێ کە دەڵێ:

یاران نەوبەهار، یاران نەوبەهار
ئەم ساڵ وەبەختم بێ فەر، نەوبەهار
زەوقی زیندەگیم بوو بەژاری مار
دنیا جەدیدەم چۆڵ و تەنگ و تار

هەتا دەڵێ:

سەد خۆزگەم بە ساڵ نەوهار پار
لەگەڵ گەل و خوێش سەیران گولزار
بەهاری ئەم ساڵ جەستەم پەشێوە
کەس و کارەکەم نایێ لە رێوە

بەو خەمبارىو رەشپۆشیەوە، تازێ باری جێی نەورۆزی گرتەوە، جەماوەری گەل بە پیر بانگەوازەکەی پیرەمێردەوە چوون و ئاهەنگ و سەیرانی سالانی رابوردوو بۆ نەورۆزی ئەو ساڵە نەگێرا.

بەلام بەرەیەك لە لاوانی ئازادیخوازی خوێن گەرم بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوە یەکیان لەسەر گردی مامەیارە پێك هێنا، بەلام لەبەر بارودۆخی کۆماری کوردستان و دڵتەنگی خەڵکەکەو فتواکەی پیرەمێرد ئەو کۆبوونەوە بچووکە ناو نەنرا ئاهەنگ، تەنیا کۆبوونەوەیەك بۆ هەست دەربرین و چەند و تارو شیعرێکی تێدا خوێندرایەوە، لەوانەی بەش داری خوێندنەوەی شیعرو وتار بوون، خوالێ خۆشبوو مامۆستاعومەر عارف، شاعیری ناسراو مامۆستا مەلا هۆشیار مامۆستا شەوکەت غەفووربابان کە ئەو دەمە لە پۆلی سێی ناوەندیبوو، مامۆستا د. عیززەدین مستەفا کە قوتابی پۆلی دووەمی ناوەندی بوو.

دوای ئەوەی کە کۆبوونەوەکە مەبەستی خۆی بەدەستەوەدا، ئەمجا لە شێوەی خۆپیشان دانێك دا هاتنەوە ناو شارو لە نزیك بیناکەی میرزا تۆفیق قەزازەوە بلاوەیان لێکرد،[١٢].

★ ★ ★

بەلام ساڵی ١٩٤٨ رەنگێکی سوور لە ئاسۆی بڵند- کورد، مژدەی بەیانێکی نوێی بۆ گەلی دوورو نزیك دەبرد. نەورۆزی ئەوساڵە کەوتە دوای راپەرینەکەی کانوون و روخاندنی پەیمانی پۆرتسماوث، لەبەر ئەوە گەورەترین ئاهەنگ سازکرا، چەند رۆژێکی خایاندو لەچەند شوێنێکی شاریش دا گێرا، لە بەغداو کوت و بەدرەو مەحاویل و شارەکانی کوردستانەوە نوێنەرانیان بۆ بەشداری ئەو ئاهەنگانە هاتبوون.

پیرەمێردیش بۆ ئەو نەورۆزە سروودە بەناوبانگەکەی بلاوکردەوە

ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشیو بە هاتەوە

ئەو شیعرەیکە هەتا هەتایە هەر بەنەمریی دەمێنێتەوەو هەمیشە ملوانکەی زێرینی گەردنی نەورۆزە.

شیاوی باسە کەبرای شاعیر مامۆستا حەمە ساڵح دیلان ئاوازی بۆ داناو لەو نەورۆزەدا بەدەنگی خۆی پێشکەشی کرد.[١٣]

★ ★ ★

جارێکی تریش پەڵەهەوری چڵکن رووی ئاسمانی پۆشی، دەستکەوتەکانی راپەرینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ پێ شێل کرا ، بەندیخانەکان گەروویان بۆ ئازادی خوازان داپچری، عورفی باڵی رەشی ترسێنەری بەسەر ولات دا کێشا، لەبەرئەوە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٩ بوو بەژێر دەست و پێی حوکمی ئاگرو ئاسنەوە. پیرەمێردوای ئەو خۆشیو شادیەی ساڵی رابوردوو دوای ئەوەی کەهیوا سەر لە نوێ لە دڵیا چەکەرەی کردبوو... وا جارێکی تریش ئاگری نەورۆزی لێ کوژایەوە. لە رۆژنامەی (ژین)دا بۆ نەورۆزی بێ نێرگسی ئەو ساڵە ئەم

شیعرەی بلاوکردەوەکە پرۆتستۆی شاعیرێکی خاوەن هەڵوێستە بەرامبەر بە رژێم[4]

کاری ناچارییە! بێزار لەشەوی ئەم شارەم
چەند رۆژێکە بە تۆراوی لە گردی یارەم
گردی یارە وەکو ئاتەشکەدەی نەورۆز بوو
وا کوژاندیانەوە ، سووتاوی ئەو (نار)ەم
کەسی نییە هامدەمی ناڵەی شەوی بێداریم بێ
باری زۆر قورس بووە، دەربەستی دڵی بێچارەم

لەو بارە نالەبارەدا ساڵی ١٩٤٩ بێ نەورۆز بوو، نەك هەر لە سلێمانی لە هیچ شوێنێکی کوردستان دا ئاهەنگ و سەیرانی نەورۆز نەکرا.

ساڵی دواییش هەر بە شێوەی ئەم ساڵ بوو، پیرە مێردی مەزنیش بە داخ و حەسرەتەوە لە ١٩/٦/١٩٥٠ ماڵ ئاوایی لە ئەدەب و ئەقەڵەم و لە رۆژنامەی (ژین)و لە نەورۆزکردو بووە میوانی مامە یارە.

★ ★ ★

بەڵام هەرچۆنێ بوو ئیتر نەورۆز چووە دەمارو هۆش و خوێنی میللەتەوە، هەر ساڵێ بوارێ برەخسایە ئاهەنگ و سەیرانی بۆ ساز دەکرا کە ئەوبوارەش نەدەبوو بەنهێنی کۆبوونەوەی نەورۆزە نوقڵ بەشینەوە دەکرا. تەنانەت لەقۆناغی پەنجاکانداساڵێکیان لیژنەدار براو لە سەر سنگی گۆیژە بە بەشێوەیەك دانرا کە دوو وشەی دیار بن (نەورۆز) و (کوردستان) بۆ لای ئێوارە لاوان نەوتیان بە دارەکان داکردو دایان گیرساند. بۆ شەوێ هەموو خەڵکی شار ئەو دوو وشەیەیان بە گری ئاگر دەخوێندەوە.

حاڵ بەم شێوەیە بوو تا شۆرشی چوارەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ کە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئاهەنگەکانی نەورۆزا دەست پێ دەکات.

من لەم باسەدا توانیم تا ئێرەی بهێنم، بەڵکو یەکێکیتر بتوانێ قوناغی دووەم و سێیەمیشی بخاتە بەر چاو، بە هەر حاڵ لەم باسەدا دوو شتم مەبەست بوو:

یەکەم ـ دەوری پیرە مێرد لە ئاهەنگی نەورۆزدا.

دووەم ـ نووسینەوەی مێژووی ئەو سەیران و ئاهەنگانەی لە شاری سلێمانی دا کراون لە سییەکانەوە تا ساڵی ١٩٥٨ هیوام وایە توانیبێتم بە ئەمانەتەوە مێژووی نەورۆزو سەیران و ئاهەنگ و کۆبوونەوەکانیم لە شاری سلێمانیدا بە روونی پیشان دابێ[45]

سلێمانی: سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٨٩

سەرچاوەو پەراوێز

١ـ رۆژنامەی [ژین]، ژ، ٧٣٧، رۆژی ٢٨/٣/١٩٤٤
٢ـ هەمان سەرچاوە
٣ـ مەبەستی لە هاتنە هێلکە، شیعر وتنە، ئەو پلارەی خۆی کردووە بە راوکەو دەیەوێ بۆ نەورۆز بێنە هێلکە، واتە سەرو شیعر بەو بۆنەیەوە بنووسن.
٤ـ ئەسپریزم : مەبەست لە عالەمی ئەرواحە
٥ـ رۆژنامەی (ژیان)، ژ، ٤٣٣، لە ٢/٣/١٩٣٥
٦ـ رۆژنامەی (ژیان). ژ ٤٧١، لە ١٤/٣/١٩٣٦
٧ـ یارە : مەبەست لە گردی مامە یارەیە، کە لەوەودوا لەسەر وەسێتی خۆی پیرەمێرد لەوێ نێژرا
دیار : وڵات
٨ـ کەلووی بەرخ : برج الحمل
٩ـ مەبەست لەوەیە، یەکەم بیتی ئەو خوارەوەمەنیانەنە بە (م) دەست پێ بکات.
١٠ـ رۆژمامەی (ژیان) ژ، ٤٧٣، لە ٢٨/٣/١٩٣٦
١١ـ لەم بارەیەوە لە ژمارە (٧٣٧)ی (ژین)لە ٢٨/٣/١٩٤٤دا پیرەمێرد دەڵێ:
«چوونە لای موتەسەریفی ئەو ساکە مەجید یەعقووبی بوو شکاتیان کرد، چەرمە سەرییەکی زۆریان داین و قوتابیانی زانستی حەپسکران و غەزەتەکەیان داخستم کەس نەی ئەوێرا بێ بە لاما.»
١٢ـ ژین، ژ، ٦٠٠، ساڵی ١٩٤٠
١٣ـ ژین، ژ، ٦٢٢، ٢٠/٣/١٩٤١
ـ ئەو شیعرەی مامۆستا گۆران کە پیرەمێرد ئاماژەی بۆکردووە سەرەتاکەی بەم دوودێرە دەست پێ دەکات:

بە سوورێکی تر ئەستێرەی نیشان گر
قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر

کام قەومی کۆن؟ کام جەژنی بەرزو پیرۆز

قەومی مادی! جەژنی بڵندی نەورۆز.

١٤ـ ژین، ژ. ٦٦٢، ١٩/٣/١٩٤٢

١٥ـ ژین، ژ. ٧٠٥، ٢٩/٤/١٩٤٣

(١٦) مەبەست لە حەپسەخانی نەقیبەکە ئاهەنگ و سەیرانی ئافرەتان بە چاودێری ئەو بووە، وەك پیرەمێرد دەڵێ: تەختگای تایبەتیخۆی هەبووە. شیاوی باسەکە پیرەمێرد بۆ هان دان و پشتگیریی ئافرەتان کۆمەڵی ئافرەتانی دامەزراندووە، خۆی سەرۆکی کۆمەڵە بووەو خوالێ خۆشبوو حەپسەخانی نەقیبیش جێگری سەرۆك بووە.

١٧ـ ژین، ژ. ٧٠٥، ٢٩/٤/١٩٤٣

١٨ـ ژین ، ژ. ٧٣٨، ٦/٤/١٩٤٤

١٩ـ هەمان سەر چاوەی پێشوو

٢٠ـ ژین، ژ. ٧٧٩، ٢٢/٣/١٩٤٥

٢١ـ وا دەردەکەوێ کەمارف جیاوك لە دڵ دا ئەو هەڵوێستەی بێ کەسی بە دڵ بووبێ بە بەڵگەی ئەوەی هیچ بەرپرسیارییەکی بەرەو ڕوو نەکرایەوە.

٢٢ـ مەبەستی لە مامۆستا صالح علیە خوا لێی خۆش بێ کە ئەو کاتە مامۆستای وەرزش بوو لە قوتابخانەی سانەوی سلێمانی

٢٣ـ بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی ئەو سەردەمە خوالێ خۆشبوو مامۆستا مصطفی مظهر بوو.

٢٤ـ شیعرەکەی فایەق بێکەسیش دەچێتە نێو ئەو شیعرو نەشائیدە نەمییەوە کە پیرەمێرد ئاماژەی بۆ کردووە.

٢٥ـ ژین، ژ. ٧٨١، ٥/٤/١٩٤٥

٢٦ـ د. عزالدین مصطفی رسول، گۆڤاری (بەیان) ژمارە (١٢٠)، حوزەیرانی ١٩٨٦ (نەورۆزو چەند یادگارێك)، لاپەڕە/٦٦

٢٧ـ کمیان، گۆڤاری (کاروان) ژمارە (٣٠)، ئازاری ١٩٨٥ (نەورۆزو هەلویست)، لاپەڕە (٢٦). ئەم نووسینە بە قەڵەمی شاعیری هەڵکەوتووی کورد (کامەران موکری) بوو کە بە ناوی (کامیار)ەوە بڵاوی کردبوەوە.

٢٨ـ جیاوك مەبەست لە خوالێ خۆشبوو مامۆستا مارف جیاوکە، کە وەك زانیمان لەنەورۆزی ساڵی ١٩٤٥دا بەش داربوو، بەڵام بۆ نەورۆزی ١٩٤٦ ئەو لە موتەسەریفێتی سلێمانی گوێزرابوەوە، بەڵام پیرەمێرد وەك دۆستێکی ئازیز بانگی کردووە

٢٩ـ ڕۆژنامەی (ژین) ژ. ٨٢٢، ١٤/٣/١٩٤٦

٣٠ـ نەریمان : مەبەست لە ئەدیب و نووسەر مامۆستا مستەفا نەریمانە، کە ئێستا سکرتێری نووسینی گۆڤاری ڕەنگینە. ئەو کاتە لە کفرییەوە نامەی بۆ پیرەمێرد ناردووەو پیرۆزبایی نەورۆزی لێ کردووە، هەروەها شیعرێکیشی بەو بۆنەیەوە ناردووە کە پیرەمێرد بەڵێنی بڵاوکردنەوەی داوە.

٣١ـ ڕۆژنامەی ژین، ژ. ٨٢٢، ١٤/٣/١٩٤٦

٣٢ـ پیرەمێرد مەبەستی لەوە یەکە لەو ساڵەدا لە شارەکانی تری کوردستان، لە هەولێرو هەڵەبجەو کفری ئاهەنگی نەورۆز گێڕراوە.

٣٣ـ ڕەشۆل : خوالێی خۆشی بێ یەکێ بوو لە دەنگ خۆشە ناسراوەکانی کوردستان جگە لە دەنگ خۆشی بەقسە خۆشیش ناسرابوو.

مەحموود : مەبەست لەکاك مەحموود محەمەد قادرە، یەکێکە لە دەنگ خۆشە بەناوبانگەکانمان، لەچلەکان و پەنجاکانا گەلێك گۆرانی بۆ ئێزگەی کوردی تۆمار کردبوو. کاك مەحموود ئەوساڵە لەتەك ئێمەدا قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی بوو.

٣٤ـ ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە، ٨٢٣، لە ٢٨/٣/١٩٤٦

٣٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٦ـ مامۆستا مستەفامەجید، کوری مەجید ئەفەندی عەزیز ئاغایە، ئەو سەردەمە لە هەولێرفەرمانبەری تاپۆ بوو، لەوەودوا بوو بە بەڕێوەبەری تاپۆی سلێمانی ئەمجا هی کەرادە لە بەغدا، پاشان کرا بە پشکنەری دادپەروەری، دوایی بەراوێژکار، ئێستا خانەنشینە.

یەکێکە لە ڕوناکبیرە شارەزاکان بە تایبەتی لە بواری ئیشەکەیدا، چەند بەهەرەمێکی بەنرخی چاپ کراوی هەیە.

٣٧ـ عاصم حەیدەری : یەکێ بوو لە ڕوناکبیرە تێکۆشەرکانی هەولێر، بەجوانەمەرگی سەری نایەوە ـ خوالێی خۆش بێ ـ.

٣٨ـ ژین، ژ. ٨٢٣، ٢٨/٣/١٩٤٦

٣٩ـ ژین، ژ. ٨٢٤، ١١/٤/١٩٤٦

٤٠ـ ژین، ژ. ٨٦٣، ١٣/٣/١٩٤٧

٤١ـ پیرەمێرد ئەو فتوایەی بەکارتێك بڵاوکردەوە کە تیایا نووسیبووی: «ئاگری نەورۆز من هەڵم گیرساندو ساڵان لەگردی مامەیارەبوو، ئەم ساڵ وا لە جەرگمایە! گوڵاڵە سوورەی نەورۆزو گەزیزە لە خوێنی ئازیزە، فتوام دا هەتا تەمی ماتەم نەرەوێتەوە نەورۆز نییە».

٤٢ـ بڕوانە : د. عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ، بەیان، ژ ١٢٠، حوزەیرانی ١٩٨٦، ل ٦٧

٤٣ـ بڕوانە (بەیان) ژ. ١٢٠، حوزەیرانی ١٩٨٦، (دوا یادگاری پیرەمێری نەمر): مستەفا ساڵح کەریم

٤٤ـ ژین، ژ. ٩٥٨، ١٧/٣/١٩٤٩

٤٥ـ هەندێ لە ناوەرۆکی ئەم باسەم بە جیا جیا لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)و پاشکۆی (عیراق) و گۆڤاری (ڕەنگین) لە مەوبەر بڵاوکردۆتەوە. بەڵام لێرەدا باسەکە زنجیرەیێکی یەك لە دوای یەکە بەبێ زیاد کردن و پشت بە سەرچاوەی زیاترەوە بەستن .